کەشناسی هەرێم: سبەی نمه باران دەبارێت

کەشناسی هەرێمی کوردستان دەڵێت، پێشبینی دەکرێت سبەی نمه باران ببارێت و زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکان دەبێت.

کەشناسیی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە سبەی یەکشەممە "ئاسمان نیمچە هەور دەبێت و هەندێکجار دەگۆڕێت بۆ هەوری تەواو. ئەگەری بارینی پرووشەباران هەیە، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییە سنوورییەکان."

دەستەی کەشناسی عێراقیش دەڵێت سبەی یەکشەممە کەشوهەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور لەگەڵ زیادبوونی خۆڵبارین، هەروەها نیمچە هەور بۆ هەوری تەواو لەگەڵ ئەگەری بارانبارین لە بەشەکانی باکووری ناوچەی باکوور و پلەکانی گەرما بەرز دەبنەو و کەمێك کەمترە لە ڕۆژی پێشوو لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا. هه‌روه‌ها وتی: کەش و هەوای ڕۆژی دووشەممە ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەی ناوەڕاست، نیمچە هەور بۆ هەوری تەواو لەگەڵ هەورەبروسکە لە شوێنە جیاوازەکان لە ناوچەی باکور، هەروەها لە ناوچەی باشووریش ساماڵ دەبێت، به‌ڵام پلەکانی

گەرما بە بەراورد بە ڕۆژی پێشوو چەند پلەیەك دادەبەزن. ئاماژەی بەوەشکرد: ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو کەشوهەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، هەروەها نیمچە هەور دەبێت لەگەڵ ئەگەری بارانبارینی پەرشوبڵاو لە ناوچەی باکور، و پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت لە ناوەڕاست و ناوچەکانی باکوور و پلەکانی گەرما کەمێك لە ڕۆژی پێشوو لە ناوچەی باشوور دادەبەزن.